Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.196407

# کاریگەریی مۆرفۆفۆنۆلۆجیی زمانی کوردی لە پرۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا

**پێشڕەو ساڵەح عەلی ، دڵشاد غالی ساڵەح، ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان

***Article Info***

Received: October, 2019

Revised:November,2019

Accepted: December ,2019

## پوختە

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە ( **کاریگەری مۆرفۆفۆنۆلۆجیی زمانی کوردی لە پرۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا**)، هەندێکجار لە پرۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا فێرخواز لەکاتی گۆکردن و دەربڕینی هەندێک مۆرفیێمدا بە شێوەیەکی نادرووست بەکاردەهێنن، لە ئەم توێژینەوەیەدا جیاوازی و لێکچوونەکانی نێوان جووت زمانەکە خراونەتەڕوو و کاریگەرییە مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی لەسەر پرۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزی لەلایەن فێرخوازانی کوردزمانەوە پیشان دراوە، هەروەها جۆری نادرووستی و هەڵەکان لە پرۆسەی مۆرفۆفۆنۆلۆجی وەکو بەشێك (ناوبەند) لە زماندا ڕوونکراونەتەوە. لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا تیۆری شیکردنەوەی دژێتی و تیۆری شیکردنەوەی نادرووستی (هەڵەکان)، تایبەت بە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەم باسکراون، هەروەها باس لە فێربوون و وەرگرتنی زمانی دووهەم لەلایەن منداڵان و پێگەیشتوانەوە کراوە، هاوکات جیاوازی ئاست و ڕێژەی فێربوون وەرگرتن لەنێوانیاندا پیشاندراون، لە بەشی دووهەمدا بەشێوەیەکی پراکتیکی باس لە پرۆسەی فێربوون و وەرگرتنی زمانی دووهەم لە ڕووی پرۆسەی مۆرفۆفۆنۆلۆجییەوە کراوە و هەروەها بەراورد لەنێوان هەردوو زمانی ئاماژە بۆ کراودا کراوە، بەپێی پێویست نموونەیان بۆ هێنراوەتەوە.

کەرەستەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی، دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، لە زمانی کوردیدا لەگەڵ زمانی ستانداردی ئینگلیزیدا، ئامانجی سەرەکی لە ئەم توێژینەوەیەدا خستنەڕووی کاریگەریی پێڕەوبەندی(سیستەماتیکی) زمانی یەکەم لەسەر زمانی دووهەم لەلایەن فێرخوازانی کوردزمانەوە دەخاتەڕوو، لەگەڵ بەراوردکردنی هەردوو زمانەکە بە یەکتر، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، بەچەند خاڵێك گرنگترین ئەنجامەکان ڕیزکراون، دوابەدوی ئەمەش لیستی سەرچاوەکان کە دەربارەی توێژینەوەکە سوودیان لێوەرگیراوە دێن.

***Keywords***

مۆرفێم، مۆرفۆفۆنۆلۆجی، شیکردنەوەی هەمبەری، نادرووسی گۆکردن، فێربوونی زمان

***Corresponding Author***

peshraw.salih@garmian.edu.krd

## پێشەکی

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (کاریگەریی مۆرفۆفۆنۆلۆجیی زمانی کوردی لە پرۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا)، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێکجار لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەمدا فێرخواز لەکاتی گۆکردن و دەربڕینی هەندێک مۆرفێمدا بە شێوەیەکی نادرووست بەکاریاندەهێنێت، ئەم دۆخانەش بوون بە جێگای سەرنجی لێکۆڵەران و زانایانی بواری زمانەوانی. گرانی و بەئەستەم فێربوونی زمانێکی نوێ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر دەگۆڕێت، لە بواری ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت جیاوازی و لێکچوونەکانی نێوان جووت زمانەکە بخرێتەڕوو و کاریگەریی هەندێک لایەنی پرۆسەی مۆرفۆفۆنۆلۆجیی زمانی کوردی وەکو زمانی یەکەم لەسەر پرۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی دووهەم، لەلایەن فێرخوازانی کوردزمانەوە پیشان بدرێت، لەبەرئەوەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا زمانی ئینگلیزی بووە بە یەکێك لە زمانە زۆر بەکارهێنراوەکان لە جیهاندا و ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی سەر گۆی زەوی لە کیشوەرە

جیاجیاکاندا هەوڵ بۆ فێربوونی ئەم زمانە دەدەن، وەکو زمانی دووهەمی خۆیان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک هۆکاری وەك: بازرگانی، خوێندن، گەشتکردن، تەکنۆلۆجیا، یان بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار...، ئامانجی سەرەکی لە ئەم توێژینەوەیەدا خستنەڕووی کاریگەری پێڕەوبەندی(سیستەماتیکی) زمانی یەکەم لەسەر زمانی دووهەم لەلایەن فێرخوازانی کوردزمانەوە دەخاتەڕوو، لەگەڵ بەراوردکردنی جووت زمانەکە بە یەکتر و دەستنیشانکردنی جۆری نادرووستی و هەڵەکان لە ڕووی مۆرفۆفۆنۆلۆجیەوە، وەکو بەشێك (ناوبەند) لە زماندا، کەرەستەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی، دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، لە زمانی کوردیدا، لەگەڵ زمانی ستانداردی ئینگلیزیدا، بەسود وەرگرتن لە سەرچاوەی ناوخۆیی و بیانی بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە، لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا هەردوو ڕێبازی سینکرۆنی و بەراوردکاری پەیڕەوکراون.

**بەشەکانی توێژینەوەکە: لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە:**

**بەشی یەکەم:** لە ئەم بەشەدا هەندێک تیۆری پەیوەست بە پرۆسەی وەرگرتنی زمانی دووهەم خراونەتەڕوو، وەک تیۆری شیکردنەوەی هەمبەری و تیۆری شیکردنەوەی نادرووستی (هەڵەکان)، هەروەها باس لە وەرگرتنی زمانی دووهەم لەلایەن منداڵان و پێگەیشتوانەوە کراوە، هاوکات جیاوازی ئاست و ڕێژەی وەرگرتنی زمانی دووهەم لەنێوانیاندا پیشاندراون.

**بەشی دووهەم:** بەشێوەیەکی ورد باس لە پرۆسەی وەرگرتنی زمانی دووهەم لە ڕووی مۆرفۆفۆنۆلۆجییەوە کراوە، هەروەها بەراورد لەنێوان جووت زمانی ئاماژە بۆ کراودا کراوە، بەپێی پێویست نموونەیان بۆ هێنراوەتەوە، پاشان کاریگەری زمانی کوردی لەسەر فێرخوازانی کوردزمان لە پرۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا وەکو زمانی دووهەمیان خراوەتەڕوو.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، بەچەند خاڵێك گرنگترین ئەنجامەکان ڕیزکراون، دوابەدوی ئەمەش لیستی سەرچاوەکان کە دەربارەی توێژینەوەکە سوودیان لێوەرگیراوە دێن.

## بەشی یەکەم:

### 1-تیۆری و شیکردنەوەکان دەربارەی فێربوونی زمانی دووهەم

مرۆڤی ئاسایی و تەندرووست لە سەرەتای ژیانیدا، بەزۆری لە پێش تەمەنی سێ ساڵیدا، دەست بە فێربوونی زمانی یەکەم دەکات. شارەزایان و زمانەوانان هەندێکجار لە هەمبەر زاراوەی زمانی یەکەمدا، چەند زاراوەیەکی تریش بەکاردەهێنن، وەکو (زمانی دایك، زمانی نەتەوە، زمانی سەرەتایی، زمانی ڕەسەن) (Sinha et al : 2009: 117)، بەڵام هەوڵدانی فێرخواز بۆ تێگەیشتن و فێربوونی زمانی دووهەم بۆ چەند مەبەست و ئامانجێکی جیاواز و جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە، لەوانە: حەز و خولیای فێرخواز، یاخود بۆ بەدەستهینانی بڕوانامە، یاخود دەوڵەمەندکردنی لایەنی فیکری و ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و کلتوری، یان بە ئامانج و مەبەستی وەرگرتنی زانست و زانیاری و تەکنۆلۆجیا، سەرجەم ئەم لایەنانەش هۆکار و پاڵنەرن بۆ هەوڵدان و تێگەیشتن و وەرگرتنی زمانی دووهەم لەلایەن فێرخوازانەوە، لە ئەم سۆنگەیەوە دەتوانرێت بگوترێت ڕێژەی ئاستی توانا و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانی دووهەم بە شێوەی ئەرێنی، یاخود نەرێنی پەیوەست و گرێدراوە بە ڕادەی کاریگەری زمانی یەکەم لەسەر فێرخواز لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەمیدا، بە ئەم پێیە گواستنەوەی کاریگەری زمانی یەکەم بۆ سەر زمانی دووهەم بە گوێرەی توانای فێرخوازەکە لە فێربوونی زمانی دووهەمیدا دەکرێت ئەرێنی یان نەرێنی بێت (Chang, C.B. and Mishler, A:2012: 2708)، سەرەڕای ئەوەش فێربوونی زمانێکی دیکە هەمیشە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بەتایبەت بۆ ئەو فێرخوازانەی کە لە تەمەنی پێگەیشتوویدان و پێشتریش زمانی یەکەم بە باشی فێربووبن، هەموو زمانەکان کۆمەڵێك یاسای تایبەت بە خۆیان لە پێکهاتەی دەنگی (فۆنۆلۆجی) و سیمانتیکی، لەگەڵ ژمارەیەکی بێشوماری وشە هەن، یەکێك لە ئەو کێشە سەرەکییەکانەی، کە فێرخواز لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەمیدا تووشی دەبێت، بەکارنەهێنانی هەندێك مۆفیێمی ئەو زمانەیە بە شێوەیەکی درووست، بەتایبەتی یاسا مۆرفۆلۆجییەکان لە کاتی گفتوگۆکرنی سروشتیدا( Hawkins, 2003, cited in Salih, D : 2014:13 )، فاکتەرێکی سەرەکی تری ئەم دیاردەیە، بۆ کاریگەری درووستەی ڕێزمانی و یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی یەکەم (زمانی دایك) دەگەڕێتەوە، چونکە فێرخوزان لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەمیاندا، کاریگەری یاساکانی پێڕەوی ڕێزمانی زمانی یەکەم دەگوێزنەوە بۆ نێو زمانە نوێیەکە، ئەمەش لە پرۆسەی وەگرتنی زمانی دووهەمدا گرفت و ئەستەم بۆ فێرخوزان درووست دەکات ( Bhela, B 1999:23:)، لەم ڕووەوە زۆربەی فێرخوازانی کوردزمان، کە فێری زمانی ئینگلیزی دەبن، لە کاتی ئاخاوتندا ڕووبەڕووی ئەم جۆرە کێشانە دەبنەوە، بەزۆری لەکاتی گۆکردنی مۆرفیێمەکانی شکانەوەدا و تایبەتیش لە گۆکردن و دەربڕینی مۆرفیێمی [ed-] کاتی ڕابووردوو و هەر سێ ئەلۆمۆرفەکەیدا [ [t، d]] و [ id (Fattah & Sabah, 2006, p. 13)). ئەم جۆرە کێشانە، کە ڕووبەڕووی فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی بە ڕەچەڵەك کورد

دەبنەوە، بەشێوەیەکی زۆر کەم باسی لێوە کراوە، لە کاتێکدا زۆربەی توێژینەوەکان باس لە فێرخوازانی زمانی ئینگلیزی بە ڕەچەڵەك فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیسپانی دەکەن، بەپێی تیۆری شیکردنەوەی هەمبەری(contrastive analysis)، یەکێك لە گرفتە هەرە سەرەکییەکان، کە فێرخوازانی زمانی دووهەم دووچاریان دەبنەوە، جیاوازی و کاریگەری گۆڕانکاریەکانی درووستەی ڕێزمانی زمانی یەکەمە، کە لە زمانی دووهەمدا دەردەکەون(Al-Khresheh, M : 2016: 330)، لە ئەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بگووترێت جیاوازی و گۆڕانکاریە پێکهاتە ڕێزمانییەکانی زمانی یەکەم و زمانی دووهەم، دەبنە هۆی گرانی گۆکردن و دەربڕینی درووستە ڕێزمانییەکان لەلایەن فێرخوازانی زمانی دووهەمەوە، لەکاتی ئاخاوتنی ئاساییدا، لەهەمان کاتیشدا لێکچوونەکانی نێوان زمانی یەکەم و زمانی دووهەم دەبنەهۆی ئاسان دەربڕین لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەمدا ( Chang, C.B. and Mishler, A : 2012: 2700).

### 1.1 تیۆری شیکردنەوەی دژێتی (هەمبەری) Contrastive Analysis Theory:

تیۆری شیکردنەوەی هەمبەری لەلایەن زمانەوان (Lado)وە لە ساڵی (1957)دا لە کتێبەکەیدا بەناوی (زمانەوانی لادۆ بە درێژایی کلتورەکان - Lado's Linguistics across cultures) بڵاوکردەوە، ئەم زمانەوانە یەکەم کەسە، کە لە دەرئەنجامی بەراوردکردنی زمانەکان بە یەکتر، وەسفی پێکهاتە زمانییەکان و پێشبینی گرانی فێربوونی زمانی دووهەمی لە چوارچێوەی تیۆرییەکەیدا کردووە، بنەمای کارکردنی ئەم تیۆرە، خوێندنەوەیەکی پێڕەوبەندییانەی دوو زمانە بۆ ناساندنی جیاوازی و لێکچوونی درووستە ڕێزمانییەکانیان، هەر بۆیە لە ساڵانی (1960)ەکاندا بە شێوەیەکی زۆربەربڵاو لە وەسفکردن و بەراوردکردنی هەندێك لە زمانە ئەوروپیەکاندا پشتپێدەبەسترا، چونکە ئەم تیۆرە پێشبینی ئەوە دەکات، کە دەتوانرێت لەڕێگەی تیۆری شیکردنەوەی هەمبەرییەوە و لە چوارچێوەی کۆرسی فێربوونی زمانەوە گرانییە شاراوەکان دەستنیشان و نەخشەکێش بکرێن، ئەمەش بوو بە هۆکاری ئەوەی تیۆری شیکردنەوەی هەمبەری لە ساڵانی (1960-1970)ەکانەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بواری فێربوونی زمانی دووهەمدا، وەکو ڕێگەیەك بۆ شیکردنەوەی شێوە جیاوازەکانی ئەو زمانانەی کە مەبەستە و لەکاتی فێربوونیاندا گرانییان تێدەردەکەوێت بەکاربهێنرێت. زمانەوان(Lado) بانگەشەی ئەوەی دەکرد، لەپرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەمدا، ئەو یەکە زمانییانەی کە لە هەر جووت زماندا، وەکو یەکن بەلای فێرخوازەوە بۆ فێربوون شتێکی ئاسان و سادە دەبن، لە هەمان کاتدا ئەو یەکە زمانییانەی، کە جیاوازن بۆ فێرخواز قورس و گران دەبن ( Kuo, M.M. and Lai, C.C : 2006: 6). دەکرێت بگووترێت فێرخواز لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەمیدا کاریگەری و تایبەتمەندییەکانی زمانی دایک بۆ نێو زمانی دووهەم دەگوێزێتەوە، کە لێرەوە نادرووستی لە گۆکردن و دەربڕینی هەندێك مۆرفیمدا سەرهەڵدەدەن و درووست دەبن، چونکە فێرخوازان شێوەی گۆکردن ودەربڕینی یەکە زمانییەکان و جۆری واتاکانیان بە بیری کلتوری زمانی یەکەمیان لەکاتی ئاخاوتنیاندا بە زمانی دووهەمیان دەردەبڕن ( Kumagai, Y 6: 1994: ).

گرنگترین ئەو بانگەشانەی، کە لەم تیۆرەدا دەکرێن، بریتیین لە هەموو ئەو کاریگەرییانەی کە پەیوەندییان بە زمانی یەکەمەوە هەیە و دەبنە هۆکاری نادرووستی گۆکردن و دەربڕینی کەرەستە زمانییەکان لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەمدا، هەروەها ئەم تیۆریە پەنجە دەخاتە سەر ئەو هەڵانەی کە لەلایەن فێرخوازانەوە لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەمدا بەشێوەیەکی ناڕوون دەردەکەون، ئەو هەڵە و نادرووستیانەش سەرنجڕاکێشن، چونکە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی نادرووستی لە یاسا زمانییەکاندا ( Dost, I.N. and Bohloulzadeh, G : 2017:166).

تیۆری شیکردنەوەی هەمبەری بەپێی سیستەمی بەراوردکردن و هەمبەریکردن بۆ هەموو جووت زمانێك یاسای کارکردنیان دابەش بۆ پێنج پێکهاتە و هەنگاو دەبێت، کە بریتین لە:

1- دەستنیشانکردن.
2- وەسفکردن.
3- بەراوردکردن.
4- پێشبینیکردن.
5- سەلماندن.

هەنگاوی یەکەم: "دەستنیشانکردن"ە کە دیاریکردنی جووت زمانەکەیە (زمانی یەکەم و زمانی دووهەم) لەگەڵ وەسفکردنی ڕێنووسی فەرمی جووت زمانەکە، لەم هەنگاوەدا دەبێت بڕیاربدرێت، کە چۆن ئەو جووت زمانە لەگەڵ یەکتردا بەرامبەر یان بەراورد دەکرێن، کە ئەمەش لە ڕاستیدا کارێکی دژوار و ئەستەمە، چونکە بەراوردکردنی هەموو کەرەستەکانی، وەکو(فۆن، فۆنێم، مۆرفێم، وشە، فرێز...) ی جووت زمان ئاسان نییە، بۆیە پێویستە دەستنیشانکردنەکە

بۆ پۆلێنکردنێکی دیاریکراو سنوردار بکرێت، کاتێکیش پۆلێنکردنەکە تەواو بوو، دەبێت هەنگاوی دووهەم بنرێت، کە وەسفی یەکە و پێکهاتە زمانییەکانی جووت زمانەکە دەگرێتەوە، ئەم هەنگاوەش بە "وەسفکردن" ناودەبرێت، لەم هەنگاوەشدا وەسفکردنێکی زمانانییانەی جووت زمانەکە لە چوارچێوەی تیۆری شیکردنەوەی هەمبەریدا ئەنجامدەدرێت، کە بەشێوەیەکی سەرەکی کار لەسەر لایەنە جیاوازەکانی نێوان جووت زمانەکە دەکرێت، هەروەها دوای دیاریکردنی یەکە زمانییەکان لەگەڵ وەسفکردنی واتایاندا، پێویستە بەوردی بەراورد لە نێوان پێکهاتە و یەکە زمانییەکانی جووت زمانەکەدا بکرێت، ئەمەش بە خستنەڕوو و پشاندانی لایەنی لێکچوون و جیاوازییەکانی یەکە و پێکهاتە زمانییەکان ئەنجام دەدرێت، واتە بەوردی بەراوردکاری لە نێوان کەرەستە و پێکهاتەکانی جووت زمانەکە و واتایاندا دەکرێت، بەم هەنگاوەش دەوترێت "بەراوردکردن"، گونجاو نییە بەراورد لە نێوان دوو زماندا ئەنجامبدرێت، بەبێ ئەوەی وەسفێکی تەواوی جووت زمانەکە بکرێت، لە هەنگاوی چوارهەمدا کە "پێشبینیکردن"ە بریتییە لە پێشبینیکردنی گرانی فێربوون لەڕێگەی جیاوازییەکانەوە، پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت کە تیۆری شیکردنەوەی هەمبەری لە هەمان کاتدا پێشبینی بۆ لێکچوون و جیاوازی نێوان جووت زمانەکە دەکات، کە بەراورد دەکرێن، هەروەها لەسەر بنەمای زانیاری توێژەر دەتوانرێت بڕیار بدرێت لەسەر ئەوەی کە لێکچوون و جیاوازییەکانی نێوان جووت زمانەکە کێشە بۆ فێرخواز درووست دەکات، یان نا؟ دوایین هەنگاوی تیۆری شیکردنەوەی هەمبەری "سەلماندن"ە، کە لێرەدا پێویستە توێژەر ئەوە بدۆزێتەوە، کە ئایا پێشبینیکردنەکان لە هەنگاوی پێشوودا درووستن، یان نا؟

## 1.2 تیۆری شیکردنەوەی هەڵەییەکان (نادرووستییەکان) :Theory of error analysis

کۆمەڵێک تیۆر هەن، کە باس لە پەیوەندیی نێوان فێربوونی زمانی یەکەم و زمانی دووهەم دەکەن، لێرەدا گرنگە باس لەوە بکرێت، دەستنیشانکردنی نادرووستییەکان(هەڵەکان)ی فێرخوازی زمانی دووهەم ئاسانکاری لە تێگەیشتن لە پرۆسەی فێربوونی زماندا دەکات، دەکرێت بگوترێت سەرکەوتووترین ڕێگە بۆ فێربوونی زمانێکی نوێ، ئەوەیە کە ماوەی پەیوەندیی فێرخواز بە زمانە نوێیەکەوە دەستنیشان بکات. تیۆری شیکردنەوەی نادرووستی ئەوەی ئاشکراکردووە، زۆربەی ئەو نادرووستی و هەڵانەی کە فێرخواز لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەمیدا دەیکات، پەیوەندیی بە بەکارهێنانی سیستەمێکی زمانیی نزیك لە زمانی دایکیەوە هەیە، هەروەك ئەو هەڵانەی کە منداڵ لە پرۆسەی فێربوونی زمانی یەکەمیدا دەیکات(Erdoğan, V : 2005 :261)، زۆربەی مرۆڤە پێگەیشتووەکان لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەمیاندا سەرکەوتوو نابن، بە بەراورد بەوەی لە تەمەنی منداڵیدا فێری زمانی یەکەمیان بوون، بەڵام بە دەگمەن دەبینرێت هەندێك مرۆڤی پێگەیشتوویش بەشێوەیەکی زۆرباش زمانی دووهەم بەکاردەهێنن، لەم ڕووەوە بەشێوەیەکی گشتی هەندێك فاکتەر هەن، کە منداڵ و پێگەیشتوو لێکجیادەکاتەوە لەڕووی وەرگرتن و فێربوونی زمانەوە:

1- مرۆڤی پێگەیشتوو پێشتر فێری زمانێکی تر بووە و کۆمەڵێك یاسا زمانیی و وشەی فەرهەنگی و دەستەواژەی ئەو زمانە بە باشی دەزانێت، کە بەشێوەیەکی ئاسایی لەکاتی گفتوگۆکردن و ئاخاوتندا دەربڕاندەبڕێت و گۆیان دەکات.
2- سیستەمی دەماری و ماسولکەکانی دەزگای دەنگی مرۆڤی پێگەیشتوو بەشێوەیەکی تەواو لەگەڵ فەرهەنگی وشە و یاسا زمانییەکانی زمانی یەکەمیدا بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی درکاندن و دەربڕینی یەکە زمانییەکان ڕاهاتوون.
3- مرۆڤی پێگەیشتوو ڕاهاتووە و خاوەن ستراتیژێکی دیاریکراوە بۆ وەرگرتن و فێربوونی زانیاری نوێ، بە جۆرێك زیاتر کار لەسەر ئەو شتانە دەکات ڕوون و ئاشکرا بن و ئەنجامیان هەبێت، لەکاتێکدا مێشکی منداڵ زیاتر پشت بە دووبارەکردنەوەی وشە و ڕستەی دەوروبەری خۆی دەبەستێت، بەبێ گوێدان بەوەی ئەو وشە و ڕستانە سەر بە ئاخاوتنی چ زمانێکە، کە دەربڕاندەبڕێت.
4- مرۆڤی پێگەیشتوو دەزانێت کە چۆن مامەڵە لەگەڵ شتەکانی دەوروبەردا بکات و لە مانای ژیان تێدەگات، واتە ڕادەی چۆنێتی مامەڵەکردنی مرۆڤی پێگەیشتوو لەگەڵ کەرەستە و شتەکانی دەوروبەردا و ئاستی تێگەیشتنی لە مانای ژیان جیاوازە، بە بەراورد بەوەی لە منداڵدا دەبینرێت.

ئەو فاکتەرانەی کە لە مرۆڤی پێگەیشتوودا باسکران، هیچیان لە پرۆسەی فێربوونی زمانی یەکەمی منداڵاندا بوونیان نیە، فێربوونی زمانی دووهەم بۆ مرۆڤی پێگەیشتوو دوو جەمسەرییە، واتە لەلایەکەوە کارێکی ئاسانە و لەلایەکی دیکەشەوە دژوار و گرانە، (بە بەراورد بە فێربوونی زمانی یەکەم لەلایەن منداڵەوە)، مەبەست لەوەی پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەم بۆ مرۆڤی پێگەیشتوو کارێکی ئاسانە، ئەوەیە مرۆڤی پێگەیشتوو خاوەن ئەزموون و زانیارییە دەربارەی شتەکانی دەوروبەر و ئەزموونی فێربوونی زمانی هەیە،

بەڵام منداڵ بیر و هەستی دابەش دەبێت بەسەر فێربوون و سەرنجدانی شتەکانی دەوروبەردا، هەروەها مەبەست لەوەی کەوا فێربوونی زمان بۆ مرۆڤی پێگەیشتوو کارێکی دژوار و گرانە ئەوەیە کە ئەنجامی توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە زۆربەی پێگەیشتووان تەنانەت ئەوانەشی کە ئاستی پێشکەوتوو(advanced)یان هەیە لە بەکارهێنانی زمانی دووهەمیاندا لە رووی فۆنۆلۆجییەوە کێشەیان لە بەکارهێنانی وشە و ڕستەکانی زمانە نوێیەکەدا هەیە، هەر بۆیە بەگوێگرتن لێیان لە کاتی ئاخاوتنیاندا بە ڕوونی هەست بەوە دەکرێت، کە فێرخواز لە تەمەنێکی پێگەیشتوویدا فێری زمانی دووهەم بووە.

### 1.3 وەرگرتنی زمانی دووهەم لەلایەن منداڵەوە Child (second language acquisition):

کۆمەڵێک لە زمانەوانە بەناوبانگە جیهانییەکان لێکۆڵینەوەی مەیدانیان لەبارەی پەیوەندیی نێوان فێربوونی زمانی یەکەم و زمانی دووهەمەوە ئەنجامداوە، چونکە ساڵانێکی زۆر وا باوەڕ دەکرا، کە جیاوازی گەورە لەنێوان فێربوون و وەرگرتنی زمانی یەکەم و زمانی دووهەمدا هەیە، هەموو ئەمانەش بێ بەڵگە مانەوە، تا ئەو کاتەی، کە کۆمەڵێك تیۆر لەبارەی سیستەمی وەرگرتنی زمانەوە لەلایەن مرۆڤەوە هاتەکایەوە و سەریهەڵدا، هەر بۆیە چەندین تیۆری تایبەت بەم بوارە خراونەتەڕوو، لەم ڕوانگەیەوە زمانەوانان مێژووی لێکۆڵینەوەکانی وەرگرتنی زمانی دووهەم لەلایەن منداڵانەوە دەکەن بە چەند قۆناغێکەوە:

1- لێکۆڵینەوەکان لەسەر وەرگرتنی زمانی دووهەم لە ڕابووردوودا زیاتر پشتیان بە ئامانجەکانیان دەبەست، تا ئەو کاتەی چۆمسکی(تیۆری لاسایکردنەوەی) لەبارەی وەرگرتنی زمانی منداڵەوە بڵاوکردەوە.

2- ئەو لێکۆڵینەوانەی کە تایبەت بوون بە وەرگرتنی زمانی دووهەم لەلایەن منداڵەوە، بۆ چەند سەدەیەك زیاتر پشتیان بەو ئەنجامانە دەبەست کە دەستیان دەکەوت، هەروەها گرنگییان بە ڕێگاکانی فێربوونی زمان و قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی دووهەم لەلایەن منداڵەوە دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر جەختیان لەسەر سیستەمی وەرگرتن و ئەنجامی فێربوون لەلایەن فێرخوازەوە دەکردەوە، بەڵام لەم دواییانەدا زیاتر گرنگی بە هاندانی فێرخواز و شێوازەکانی وانەوتنەوە لە پرۆسەی وەرگرتنی زمانی دووهەمدا دەدرێت. (Ervin-Tripp, S.M : 1974 :111)

سەرەڕای جیاوازی ئەو ڕێگایانەی کە باسکران گرنگی بە پرۆسەی فێربوونی سروشتیش دەدرێت، لەم ڕووەوە زمانەوانان بەباشی دەزانن، کەوا منداڵ لە پرۆسەی وەرگرتنی زمانی دووهەمیدا تێکەڵ بە ژینگەی کۆمەڵایەتی فێربوون بکرێت، نەك فێربوون تەنها لەناو پۆلدا ئەنجامبدرێت، هەروەها زۆر لە لێکۆڵینەوەکان گرنگی بە کاریگەری گواستنەوەی پێکهاتەکانی زمانی یەکەم دەدەن لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەمدا لەلایەن منداڵەوە (Bever T.G. et al, 1965. 468). بۆیە دەبێت لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەمدا،گرنگی بە زانیاری، لێهاتووی و ئاوات و ئارەزووەکانی زمانی یەکەمی منداڵ بدرێت، کە ئەمەش دەبێت بە پاڵنەری فێرخواز بۆ بنیاتنانی زمانی دووهەمی بەشێوەیەکی باشتر و خێراتر. منداڵ لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەمیدا هەوڵ بۆ فێربوونی زمان و پەیداکردنی زانیاری دەربارەی جیهان و شتەکانی دەوروبەری دەدات، لەم ڕووەشەوە زیاتر پشت بە زانیارییەکانی زمانی یەکەمی دەبەستێت (Dulay, H.C. and Burt, M.K., 1974, p.128) . هەروەها لەم دۆخەدا منداڵ گوێی لە کۆمەڵێك ڕستە دەبێت، کە پێشتر گوێی لێ نەبووە، پاشان هەوڵی فێربوونی گروپە دەنگییەکان و پێشبینی سەرەتایی دەربارەی مانای ڕستە دەکات، کاتێك گوێی لە ڕستەیەکی نوێ دەبێت چ لە زمانی یەکەمی یان زمانی دووهەمیدا بێت. ئەوەش سەلمێنراوە کە زمانی دووهەم لەسەر زانیارییەکانی زمانی یەکەمی منداڵ بنیاتدەنرێت، نەك لەسەر بنەمای جیاوازییەکان (Dulay, H.C. and Burt, M.K : 1974:128)، بەپێی لێکۆڵینەوەی چۆمسکی فێربوونی زمانی دووهەم، بەشێوەیەکی ئاسان لەلایەن منداڵەوە، هۆکارەکەی بۆ لایەنی بایۆلۆجی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە، کە بەباشی ئامادەیە بۆ فێربوونی زمانەکان(Ervin-Tripp, S.M : 1974 :112)، هەروەها دەبێت تێبینی ئەوەش بکرێت، لە پرۆسەی فێربووندا قۆناغی گەشەکردنی زمان هەیە، کە گۆڕانکاری گەورە لە ئاستی فێرخوازدا لەکاتی بەکارهێنانی زمانی دووهەمیدا بەدیدەکرێت، لێرەدا پرسیارێك دێتەکایەوە، ئایا تەنها جیاوازی تەمەن لەنێوان منداڵ و پێگەیشتواندا هۆکاری جیاوازی ڕادەی فێربوونیانە؟ دەتوانرێت کۆنترۆڵی تەمەن بکرێت، بە دیاریکردنی کاتی فێربوونی زمانی دووهەم، بەڵام بە پشتبەستن بە لایەنی فیزیکی و کۆمەڵایەتی فێرخواز لە ژینگەی زمانی دووهەمیدا و بەشداریکردنی لە بۆنەکاندا، منداڵی بە تەمەن بچوکیش (مەبەست لە تەمەنی زمانپژان تاوەکو شەش ساڵان دەگرێتەوە.)لەکاتی فێربوونی زمانی دووهەمیدا دەتوانێت بە ئاسانی فێری پەیوەندیی نێوان یەکە زمانییەکان و واتاکانیشیان ببێت.

زمانەوان (Paul Haung) توێژینەوەیەکی دەربارەی فێربوونی زمانی دووەمی منداڵ ئەنجامداوە، کە تیایدا منداڵێکی (چینی) بە نموونە وەرگرتووە، فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت، وەکو زمانی دووەمی، دوای ماوەیەك لە بەردەوامبوونی بۆی دەردەکەوێت، کە منداڵەکە زیاتر وەکو ئاخێوەرانی یەکەمی زمانی ئینگلیزی زمانەکە بەکاردەهێنێت(Ervin-Tripp, S.M : 1974, :117)، ڕێگایەکی تر بۆ بیرکردنەوە دەربارەی تەمەنی فێربوون لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمەدا ئەوەیە، کە منداڵ فێری شتە سەرەکیەکانی زمانی یەکەمی بکرێت، کە پێیدا تێپەڕیووە، لەهەمان کاتیشدا پێکهاتە جیاوازەکانی سیستەمی وەرگرتنی زمانی مرۆڤ چالاك دەبێت لەماوەی فێربوونی زماندا، بەڵام دەبێت ئەوەش لەیاد نەکرێت، پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ زۆر گرنگە بۆ فێربوونی زمانی دووەمی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو، هەرچەندە مرۆڤ لە تەمەنی پێگەیشتوویدا لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمیدا زیاتر سەرنج لە فێربوونی وشەکان و واتاکانیان دەدات، بەڵام بەگشتی منداڵان و هەرزەکارانیش لەڕووی ڕێکخستنی یەکە زمانییەکانەوە، باشتر دەتوانن زمانی دووەمیان بەکاربهێنن، ئەنجامی توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە منداڵ تاوەکو تەمەنی حەوت ساڵ و هەشت ساڵیش توانای وەرگرتنی فۆنۆلۆجی زمانی دووەمی هەیە، بەڵام لەدوای ئەو تەمەنەوە ئیتر فێربوونی فۆنۆلۆجی زمانی دووەم زەحمەت دەبێت، هەروەها منداڵ توانای دووبارەکردنەوەی زۆر بەهێزە، بەجۆرێك بەبێ بیرکردنەوە لە واتای شتەکان وشەکان دووبارە دەکاتەوە لەو ژینگە زمانییەی، کە تێیدا گەورە دەبێت، بەڵام لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنی فێرخوازدا لایەنی کۆمەڵایەتی و کلتوری زمانی یەکەمی کاریگەریان لەسەر پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمی دەبێت، چونکە لەم تەمەنەدا زیاتر بیر لە واتای وشەکان و دەربڕاوەکان دەکاتەوە(Asher and Garcia, 1969,p.336).

### 1.4 وەرگرتنی زمانی دووەم لەلایەن پێگەیشتووەوە

تەمەن لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا کاریگەری گەورەی لەسەر فێرخواز هەیە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست و سەرکەوتووانە زمانەکە بەکاربهێنێت، بەتایبەتی لە سەرەتای تەمەنی منداڵیدا( Mayo, L.H., Florentine, M. and Buus, S., 1997, p.691) . ئەنجامی توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە منداڵ زۆر سەرکەوتووانەترلەڕووی وەرگرتن و بەکارهێنانەوە توانای بەکارهێنانی زمانی دووەمی هەیە، بە بەراورد بە پێگەیشتووان، ڕاستە ژمارەیەکی زۆری پێگەیشتووان فێری زمانی دووەم دەبن، لە پەیوەندیکردن و گفتوگۆکردندا بەکاریدەهێنن، بەڵام لەهەمان کاتدا ژمارەیەکی زۆریان توانای بەکارهێنانی زمانی دووەمیان نییە سەرکەوتوو نابن، وەك ئەوەی کە منداڵ دەتوانێت. زۆربەی فێرخوازان لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمیاندا لە تەمەنی پێگەیشتوویدا لەڕووی بەکارهێنان و دەربڕینی لایەنی فۆنۆلۆجی زمانی دووەمەوە هەرگیز سەرکەوتوو نابن، هەرچەندە ڕێژەیەکیان لەم پرۆسەیەدا لە بەکارهێنانی یەکە ڕێزمانییەکان و هەڵبژاردنی وشەکاندا سەرکەوتوو دەبن (Derakhshan, A. and Karimi, E : 2015 : 2114)، فێرخواز لە سەرەتای بەکارهێنانی زمانی دووەمیدا دەست بە پێشبینیکردنی وەرگێڕانی وشە بە وشەی زمانە نوێیەکە بۆ زمانی یەکەمی دەکات، بەهەمان بیرکردنەوەی زمانی یەکەمی پەیوەندیی و پەیوەستی نێوان یەکەکانی زمانییەکانی زمانی مەبەست دەبەستێتەوە و دەخاتەڕووە، کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆسەرهەڵدانی هەڵە و نادرووستییەکان، واتە کاتێك فێرخوازانی زمانی دووەم هەوڵ دەدەن بە زمانی دووەم بنووسن، یان ئاخاوتن بکەن، زیاتر پشت بە پێکهاتە زمانییەکانی زمانی یەکەمیان دەبەستن، بێگومان ئەگەر پێکهاتە زمانییەکانی زمانی یەکەم و زمانی دووەمی فێرخواز جیاواز بوو، ئەوا تووشی هەڵە و نادرووستییەکی زۆر دەبێتەوە (Bhela: 1999: 22)، لەم پرۆسەیەدا فێرخواز لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە بەزۆری تووشی ئەستەنگی فێربوون دەبێتەوە، لەکاتی بەکارهێنانی زمانی دووەمیدا، ئەمەش لە ژێر کاریگەری بەکارهێنانی شێوازی دەربڕین و درکاندنی فۆنۆلۆجی وشە و دروستەی ڕێزمانی زمانی یەکەمییەوە سەرهەڵدەدات و درووست دەبێت.

ئەوەی جێی ئاماژەیە، توێژینەوەکان پەیوەندیی نێوان تەمەن و هەندێك لایەنی فێربوونی زمانی دووەمیان دەرخستووە، بەجۆرێك پێیان وایە مرۆڤی ئاسایی و تەندرووست لە سەرەتای فێربوونی قسەکردن و سەرەتای پژانی زمانیدا دەتوانێت فێری دوو زمان ببێت و هەرجووت زمانەکەش بەباشی بەکاربهێنێت ( Tohidian, I. and Tohidian, E : 2009:15)، دوو جۆر لە وەرگرتنی زمانی دووەم هەیە: یەکێکیان ئەوەیە، کە مرۆڤ لە تەمەنی منداڵییەوە وەریدەگرێت و فێری دەبێت، ئەوەی تریشیان ئەوەیە، کە لە تەمەنی پێگەیشتوویەوە فێری دەبێت. لە تەمەنی منداڵیدا مێشکی مرۆڤ شێوەیەکی لاستیکی هەیە، کە دەتوانێت بە ئاسانی خۆی ڕێکبخاتەوە و خۆی لەگەڵ زمانی دووەمیدا بگونجێنێت ((Lenneberg, E.H : 1970 : 639)، بەڵام لەتەمەنی

پێگەیشتوویدا مێشکی مرۆڤ، تاڕادەیەك شێوە لاستیكیەكەی لەدەست دەدات و توانا پێویستییەکانی وەرگرتنی زمانی کەم دەبێتەوە، هەروەها لە تەمەنی منداڵیدا بەشی لای چەپی مێشکی مرۆڤ زۆر چالاكە لە پرۆسەی وەرگرتنی زماندا بە بەراورد بەلای ڕاستی مێشکی، بەڵام لە تەمەنی پێگەیشتوویدا هەردوو بەشی مێشکی چالاك دەبێت و لەگەڵ زمانی یەکەمیدا تایبەتمەند دەبێت. ئەمەش گرنگی فێربوونی زمانە لەلایەن منداڵەوە بەبێ کاریگەری زمانی یەکەمی لە پرۆسەی وەرگرتنی زمانی دووهەمیدا، هەر بۆیە فێربوونی زمانی دووهەم لە تەمەنی منداڵیدا دەرفەتێکی گرنگە، لەبەرئەوەی لەو تەمەنەدا مێشکی بەتەواوەتی دابەش نەبووە بەسەر هەردوو لای جەستەدا و ئەرکەکانی خۆی بە تەواوەتی وەرنەگرتووە (Olson, L.L. and Jay Samuels, S : 1973: 2).

توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە مرۆڤی پێگەیشتوو توانای وەرگرتنی ڕێزمانی زمانی دووهەمی لە توانا فۆنۆلۆجییەکەی باشترە، بەجۆرێك کە مرۆڤ تاوەکو دەوروبەری تەمەنی پازدە ساڵیش دەتوانێت لە بەکارهێنانی ڕێزمانی زمانی دووهەمیدا وەك ئاخێوەرانی ڕەسەن(یەکەم)ی زمانەکە لەکاتی ئاخاوتن و نووسینیشدا سەرکەوتوو بێت (Tohidian, I. and Tohidian, E : 2009:15). وەرگرتنی زمانی دووهەمی پێگەیشتوو، لەگەڵ فێربوونی زمانی یەکەمی منداڵ لە هەندێك ڕووەوە لەیەکەوە نزیکن، بەڵام بەزۆری فێرخوازانی زمانی دووهەم سەرکەوتوو نابن لە گەیشتن بە ئاستی ئاخێوەرانی یەکەمی زمانەکە، لەبەر هەندێك هۆکاری وەکو پێگەیشتنی مێشك و جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و هاندانی فێرخواز، هەروەها سنورداری فێربوون لەلایەن فێرخوازەوە(Ellis & Sagarra : 2010: 554)، زوربەی پێگەیشتوان لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووهەمیاندا، تووشی ئاستەنگی فێربوون دەبن، بەڵام لەهەمان کاتدا زمانی یەکەمیان بۆ چارەسەری گرفتەکانی فێربوون و کێشەکانی پەیوەندیکردن لە بەکارهێنانی زمانی دووهەمیاندا، وەکو ئامرازێك بەکاردەهێنن و سوودی لێدەبینن.

## بەشی دووهەم:

## 2-پێڕەوی دەنگی زمانی کوردی و کاریگەری لەسەرفێرخوازانی کورد لە پرۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا:

ئاشکرایە لایەنی وەچە پێڕەوی دەنگی زمانی یەکەم کاریگەری لەسەر ڕادەی بەکارهێنان و وەرگرتنی زمانی دووهەم هەیە، لێرەدا هەوڵدەدرێت کاریگەری هەندێک لایەنی فۆنۆلۆجی و بەتایبەت لایەنی مۆرفۆفۆنۆلۆجیی زمانی کوردی وەکو زمانی یەکەم لەسەر پرۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی دووهەم، لەلایەن فێرخوازانی کوردزمانەوە ڕوونبکرێنەوە.

### 2.1 فۆنۆلۆجی:

فۆنۆلۆجی لقێکی سەرەکی زانستی زمانە، ئەرکی لێکۆڵینەوەیە لە داڕشتن و پێڕەوبەندی دەنگەکانی زمانی مرۆڤ، زاراوەی فۆنۆلۆجی لە دوو لایەنەوە سەیردەکرێت، لەلایەکەوە، خۆی بە گۆکردنی دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو و یاساکانی حوکمکردن و دابەشکردنی دەنگەکان خەریکدەکات. لەلایەکی تریشەوە ئاماژە بە بەشی تیۆری گشتی زمانی مرۆڤ و گرنگی زمانی گشتی "universal" و پێڕەوی دەنگی زمانی لە کاتی قسەکردنی سروشتیدا دەدات، (Akmajian,others:2001:109) ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، لە پێڕەوی زانستی زماندا، داڕشتەی فۆنۆلۆجی یەکێکە لە وەچە-پێڕەوەکانی پێڕەوی زمان "language system"، پەیوەندیی نێوان یەکەکانی وەچە-پێڕەوەکانی زمان پێڕەوبەندانە ڕێکخراون، "پێڕەوی فۆنۆلۆژیی phonological "system کۆی پێکەوەبوونی فۆنەتیکی جیهانیی و فۆنەتیکی تایبەت بە هەر زمانێکی وەك کوردییە لەگەڵ دروستەی زماندا " language structure" فۆنۆلۆژیی بەندو بەستراوە بە پێکهاتەی ڕێزمانەوە (سینتاکس و فۆنۆلۆژیی و واتا) grammatical" "component کە وەك زمان مۆدوولێکی مێشکە، (محەمەدی مەحوی: 2008: 1) هەر لەبەرئەوەشە بەزۆری زمانەوانان فۆنۆلۆجی وەك لایەنی ئەرکی دەنگەکان دەناسێنن، چونکە لێکۆڵینەوە لە پێڕەوی دەنگی زمانێکی دیاریکراو دەکات لەم ڕووەشەوە، فۆنۆلۆجی زمانی کوردی ئەرکی لێکۆڵینەوەیە لە هەڵسەنگاندنی دەنگەکان، ئەرکی داڕشتنی فۆنێمەکان، پێڕەوی فۆنێم، خستنەڕووی لایەنی لێکچوون و لێکنەچوون و ڕێکخستنە فۆنێمییەکان، یاسا فۆنۆلۆجییەکان، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە فۆنێم و برگە و هێز و ئاواز، هەروەها فۆنۆلۆجی ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە دیاریکردنی واتای وشە و فرێزەکاندا، لە ئەنجامی ڕیزکردنی دەنگەکانی زمانێک بەدوای یەکدا، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت یاسا و دیاردە فۆنۆلۆجییەکانی ئەو زمانەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، دیاری بکرێن. سەبارەت بە گۆڕانی واتای وشەکان، بەشێوەیەکی وردتر دەکرێت بگوترێت، کە ئەم زانستە لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمان دەکات. خەریکە بە بەجێهێنانی ئەرکی واتا-گۆڕین (گۆکردنی واتا-گۆڕین) و هەڵسوکەوتی ڕێکخستن و جۆری ڕێکخراوی دەنگەکانەوە "sounds organization لەناو خۆیاندا" محەمەدی مەحوی:2008: 140)، بەپێی یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە خستنەپاڵیەکدی فۆنێمەکاندا، هەندێکجار چەند

گۆڕانكاریەك بەسەر فۆنیمەكانی ناو مۆرفیمێكدا دێن. كەواتە " فۆنۆلۆجی" لەو دەستوورانە دەكۆڵێتەوە، كە لە ڕێگەیەوە دەنگە جیاوازەكان لەگەڵ یەكتر لە وشەدا ڕێكدەخات، هەروەها ئەو دەنگانەی دەكرێت پێكەوە بلكێنرێن و ئەوانەشی پێكەوە نالكێنرێن و ئەوەی دەكرێت لەسەرەتای وشەدا دەست پێبكات و ئەوانەش كە ناكرێت لە سەرەتای وشەوە بێن " (نایف خرما: 2013: 346). بەواتای ئەوەی كەوا هەموو زمانێك كۆمەڵێك یاسای تایبەت بەخۆی هەیە. بۆ نموونە، یاسا فۆنۆلۆجییەكانی زمانی كوردی، بەهۆی فۆنۆلۆجییەوە چۆنیەتی پێكەوەهاتنی فۆنێمەكان و یاساكانی دەنگی زمانەكە دیاریدەكرێن. كە هەموو ئەم یاسا فۆنۆلۆجیانە ڕەنگدانەوەی لە یەكە زمانییەكانی زمانی كوردییدا بەرچاو دەكەون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە فۆنۆلۆجی لایەنی پراكتیكی دەنگ دەگرێتەخۆی، هەروەها فۆنۆلۆجی فۆنێمەكان دەستنیشان دەكات و لەناو قاڵبی بڕگەی فۆنەتیكیدا ئەم فۆنێمانە لەیەكدەدات و بڕگەی فۆنۆلۆجی پێكدێنن و لە ئەنجامی لێكدانی فۆنێمەكانیش دەنگ هەیە دەگۆڕێت و دەنگ هەیە پەیدادەبێت و دەنگ هەیە تێدەچێت (وریا عومەر: 2009: 53). كاریگەری زمانی كوردی لە سەر زمانی ئینگلیزی لە پرۆسەی فێربوون و لە كاتی گۆكردن و دركاندنی یەكە زمانییەكاندا، بۆ نموونە: لە وشەی ناسادەدا، ئەگەر بەشی یەكەمی وشەكە بە دەنگەكانی / ز، ت، ڵ، م، ر ... / كۆتاییان هاتبێت، كاتێك فۆنیمی /د/ دەخەینە سەریان، ئەوا دەنگی یەكەمی بەشی دووەمی وشەكە وەك دەنگی كۆتایی بەشی یەكەمی وشەكەی لێدێت.( پێشرەو ساڵەح:٢٠١٥:١٤٦) بۆ نموونە:

گوڵ+/-دان/ ◄—— گوڵڵان یاسای لێكچوونی تەواو

خەت+/-دار/ ◄—— خەددار یاسای لێكچوونی تەواو

كوشتم ◄—— دەكوژم. گۆڕانی /ش بۆ ژ /. یاسای لێكچوونی ناتەواو

گەستی ◄—— دەگەزێت. گۆڕانی/س بۆ ز/ یاسای لێكچوونی ناتەواو

یاسای دووركەتنەوەی دەنگ لە زمانی كوردیدا هەرگیز ڕێگە نادات كەوا دەنگە ڤاوڵەكان لە سەرەتای بڕگە و وشەوە بێن، هەروەها دەكرێت ئاماژە بۆ ئەوەش بكرێت، فۆنێمەكانی / ر ، ڵ/ لە سەرەتای وشەدا نایەن، هەروەها فۆنێمەكانی /ل ،ڵ / بە هیچ جۆرێك لەگەڵ هەردوو فۆنێمی /ڕ ، ر / بەیەكەوە بەكارناهێنرێن. (بڕوانە، ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٦: ٦٣/ پێشرەو ساڵەح:٢٠١٥: ١٤٤- ١٥٠) هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا لە ڕووی مۆرفۆفۆنۆلۆجییەوە دەنگەكان بەپێی فۆنۆتاكتیكیان شێوەی گۆكردن و دەربڕینییان دەگۆڕێن، بۆ نموونە:

ten bikes → /tem baiks/

lunch score → /lʌntʃʃkɔːr/

don't you→ /dəʊntʃʊ/

لە نموونەی یەكەمدا دەنگی /n/ دەگۆڕێت بۆ دەنگی /m/ بەهۆی كاریگەری دەنگی / b / ەوە، لەبەرئەوەی دەنگەكانی /m, b/ لچوولێوین و دەنگی /n/ پووكی دادانییە، بەمەش دەنگی دواوە كاریگەری لەسەر دەنگی پێشەوە كردووە، ئەمەش لە زمانی ئینگلیزیدا بە (regressive (or anticipatory) assimilation).ناودەبرێت. لە نموونەی دووهەمیشدا دەنگی /s/ دەگۆڕێت بۆ دەنگی /ʃ/ بەهۆی كاریگەری دەنگی /tʃ/ ەوە، بەمەش دەنگی پێشەوە كاریگەری لەسەر دەنگی دواوە كردووە، ئەمەش لە زمانی ئینگلیزیدا كەمتر باوە و بە (progressive assimilation).ناودەبرێت،هەروەها لە نموونەی سێهەمدا دەنگی /t/ و دەنگی /y/ كاریگەریان لەسەر یەكتر دەبێت و دەنگی / tʃ/ دروست دەبێت، ئەمەش لە زمانی ئینگلیزیدا بە (coalescent (or reciprocal) assimilation).ناودەبرێت.( Crystal, D. 2011:40)

## 2.2 مۆرفۆفۆنۆلۆجی:

مۆرفۆفۆنۆلۆجی ئاستێكی سەربەخۆ نییە، بەڵكو بە ئاستێكی ناوبەند لە زانستی زماندا دادەنرێت، زاراوەكە هەردوو ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی دەگرێتەوە. سەبارەت بە زاراوەی مۆرفۆفۆنۆلۆجی، لە زمانی كوردیدا (عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ:2015: 276-277) زاراوەی دەنگوشەسازی بەكارهێناوە، هەروەها لە هەمبەر زاراوەی مۆرفۆفۆنۆلۆجی چەند فۆرمێكی تری زاراوە لەلایەن زمانەوانانەوە بەكاردەهێنرێن. بۆ نموونە، (فۆنۆ-مۆرفۆلۆجی Phono-Morphology ) و (مۆرفۆ - فۆنۆمیك Morpho-phonemic) و (مۆرفۆ (فۆ)نۆلۆجی) و (مۆرفۆنۆلۆجی Morphonology-) بەكاربهێنن" هەر سەبارەت بە زاراوەی مۆرفۆفۆنۆلۆجی كریستاڵ ((2008:315یش زاراوەكانی(مۆرفۆفۆنۆلۆجی و مۆرفۆفۆنۆمیك)ی بەكارهێناوە، دەڵێت " زمانەوانە ئەوروپییەكان زیاتر هەردوو زاراوەی (مۆرفۆفۆنۆلۆجی یان مۆرفۆنۆلۆجی) بەكاردەهێنن، واتە ئەو دوو زاراوەیە بەلایانەوە گونجاوە و جێگەی ڕەزامەندین، بەڵام زمانەوانە ئەمەریكییەكان، زاراوەی مۆرفۆفۆنۆمیك بەكاردەهێنن.

مۆرفۆفۆنۆلۆجی پەیوەندی تێكچڕژاوی دوو ئاستن، كارلەیەكدی دەكەن، واتە مۆرفۆفۆنۆلۆجی زاراوەیەكی

زمانەوانییە، خۆی بەدیاریکردن و کارلەیەکدیکردنی پێکهاتەکانی ئاستی فۆنۆلۆجی لە نێو یەکە مۆرفۆلۆجییەکان خەریکدەکات.(پێشڕەو ساڵەح: 2015: 50) ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی دەنگی لەناو مۆرفیمەکاندا، بەبێ ئەوەی واتای سەرەکی مۆرفیم یان وشەکە بگۆڕدرێت، بەزۆریش ئەم گۆڕانکارییە دەنگییانە بۆ دەنگێکی نزیکی خۆیان دەبن، ئەمەش بە ئەو واتایە دێت، کە دەنگەکانی زمان بەپێی تیۆری نیشانە جیاکەرەوەکان (بڕوانە:( پێشڕەو ساڵەح (2015)،(دڵشاد غالی / پێشڕەو ساڵەح: 2019)) نزیکایەتییان لە رووی شوێنی دروستبوون و گۆکردن و دەربڕین و دەنگداری و بێ دەنگی(کپ)و درێژی و کورتی… هەن، کاتێك فێرخوازانی پێگەیشتوو فێری زمانی دووهەم دەبن ئاگادار و ئاشناییان بە یاسا و بنەما ڕێزمانییەکانی زمانی دووهەم نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زمانی یەکەم کە زمانی دایکە کاریگەری لەسەر فێرخواز دەبێت، لێرەدا دەکرێت ئەوەش روونبکرێتەوە کە زمانەکانی جیهان وەك یەك بەرامبەر یاساکانی فۆنۆلۆجی رەفتار ناکەن، بەواتای ئەوەی ئەو نیشانە دەنگییەی کە لە زمانێکدا جێگای سەرنجە، دەکرێت لە زمانێکی تردا پشتگوێ بخرێت، بۆ نموونە، لە زمانی کوردیدا دەنگی دەربازو و بەخشپە بەپێی نیشانەی دەنگداریی جیادەکرێتەوە، مەرج نییە لە زمانانی تردا کپی و دەنگداریی ئەم گرنگییەی درابێتێ (محەمەد مەعروف:2011: 73)، بۆ نموونە، لە زمانی کوردیدا فۆنیمی /ب/ لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییدا دەنگدارە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم فۆنیمە لە کۆتایی وشەدا کپە (Bomb)، بۆیە دەبینین کە جەوهەریترین بەشەکانی نا-وەکیەکی زمان فۆنیمەکان نین، بەڵکو نیشانەکانن، کە فۆنیمەکان دروستدەکەن، هاریکاری زیاتر بۆ لێکدانەوەی فۆنیمەکان بۆ نیشانەی پێکهێنەرەکانیان لە ڕێگەی وردبینیەکی تەواوەوە هاتووە، بەهۆی ڕێکخستنی فۆنۆلۆجییەوە دەتوانرێت ئەو نیشانەدەنگیانە دابمەزرێن، کە فۆنیمەکان دروستیاندەکەن (Akmajian,others:2001:121) .

پرۆسە فۆنەتیك و فۆنۆلۆجییەکان لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکاندا دەردەکەون، واتە لە دەربڕینی داڕشتەی رووکەشدا هەندێك گۆڕانکاری بەسەر مۆرفێمەکاندا دێن، تا ئەندازەیەك دووردەکەونەوە لە داڕشتەی قوڵ و نواندنی بنەڕەتی. هەر ئاستێك لە زماندا وەرگیرێت چەند شێوەیەکی گۆڕان لە پێڕەوی ئاستەکەیدا روودەدات، زۆربەی زمانەوانەکان لەسەر ئەو بۆچوونەن کەوا گۆڕان لە پێڕەوی فۆنۆلۆجییدا بە بەراورد لەگەڵ ئاستەکانی تردا زیاترە، گۆڕانەکانیش دەکرێت هەندێکیان فۆنەتیکی و هەندێکی تریان فۆنۆلۆجی بن، گۆڕانی دەنگەکان بە ئەڵتەرناسیۆن ناودەبرێن، چونکە "وشەکان و مۆرفیمەکان لە دەربڕینیاندا دەگۆڕێن و دەربڕینی گۆڕدراوی جۆراوجۆریان هەیە، دەربڕینە جۆراوجۆرەکانیان وابەستەی هەندێك مەرجن، ئەم ئەڵتەرناسیۆنانە( دەربڕینی گۆڕدراوە جۆراوجۆرەکان ناوی "پرۆسەی فۆنۆلۆجیی" ان لێنراوە، مەرجەکانی ئەڵتەرناسیۆنەکان دەتوانن ئەمانە بن:

(أ) دەق / دەورووبەری دەنگیی،

(ب) جێکەوتە position لە ناو وشەدا،

(پ)مەرجە مۆرفۆلۆژییەکان (نیشانەی شکانەوە inflection features ،چەشنەکانی لاگر affix types )

(ت) خێرایی قسەکردن،

(ج) شێواز، (محەمەدی مەحویی: 2008: 17)

دەبێت ئاماژە بەوە بدەین بۆ جیاکردنەوەی پرۆسە فۆنەتیکییەکان و پرۆسە فۆنۆلۆجییەکان، دەشێت ئەم مەرجانە هەبن: (عادل ڕەشید: 2008: 25).

1- جێبەجێبوون و بەجێهێنانی یاسا مۆرفۆلۆجییەکان دەشێت ببنەهۆی تەقینەوەی یاسا فۆنۆلۆجییەکان.

2- پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان لە ناو ڕێزمانی زمانەکەدان، لە ئاستی قوڵەوە تا دەگاتە ئاستی رووکەش و فۆنەتیکییەکان لە دەرەوەی ئەم ئاستەدان، بە واتا لە دەربڕیندا ئۆتۆماتیکین و لە ژێر کۆنترۆڵی قسەکەردا نین.(سەرچاوەی پێشوو: 96).

3- پرۆسە فۆنەتیکییەکان تەقینەوەی دیاردە فۆنەتیکییەکانیان لێدەکەوێتەوە.

4- پرۆسە فۆنەتیکییەکان پیشبینیان لێدەکرێت گرنگ بۆیان دابەشبوونی تەواوکەرانەیە. پرۆسە فۆنەتیکییەکان ئۆتۆماتیکن و لەژێر کۆنترۆڵی قسەکەردا نین، بەواتا جیاکەرەوەی واتا نین.

5- پرۆسە فۆنەتیکییەکان ناوازە و لە یاسا بەدەریان نییە.

## 2.3 ڕێگاکانی کارلێکردنی زمانی کوردی لەسەر فێرخوازانی کورد لە پرۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزی لەرووی فۆنۆلۆجییەوە:

بەگوێرەی بۆچوونی (White, L. 2003:265) گۆڕانە مۆرفۆلۆجییەکان کێشەی بۆ زۆربەی فێرخوازانی زمانی دووهەم دروست کردووە. گۆڕانە مۆرفۆلۆجییەکان دەبنەهۆی پەراندنی یان دەرنەبڕینی مۆرفێمە شکانەوەکان کە پێویستە لە

زمانی دووهەمدا دەربڕێت. فێرخوازانی زمانی دووهەم بەتایبەت تەمەنی پێگەیشتوان زیاتر گرنگی بە فێربوونی وشەکان دەدەن و کەمتر بایەخ بە پێکهاتەی مۆرفێمە شکانەوەکان دەدەن. نادروستی بەکارهێنانی زمانی دووهەم بە تایبەتی لە مۆرفێمەکانی شکانەوەدا بووەتە کێشەیەکی گەورەی فێرخوازان، بەتایبەت لە نێو فێرخوازانی زمانی ئینگلیزیدا و بەتایبەتیتریش لە تەمەنی پێگەیشتوواندا لەوانەیە کردارەکان بەبێ مۆرفێمە شکانەوە داواکراوەکان دەربڕن، بە پێچەوانەشەوە هەندێك جار دەکرێت مۆرفێمە داواکراوەکان لەگەڵ کردارەکاندا دەربڕن، وەکو ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە (Salih, D. 2014:22):

a. The doctor advise me yesterday.

b. The doctor *advised* me yesterday .

فێرخوازانی کورد زۆرجار لە پرۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا، وەکو زمانی دووهەم بە ئەوانەشەوە کە خاوەن ئاستێکی باڵان (advanced)، تووشی هەڵە دەبنەوە لە بەکارهێنانی هەندێک لە مۆرفێمە شکانەوەکاندا بەتایبەت مۆرفێمی [-ed] کاتی ڕابووردوی سادە و سێ ئەلۆمۆرفەکەیدا [t، d] و [id] بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لە کاتی قسەکردنی ئاساییدا (Salih, D. 2014:43-51). دەکرێت ئاماژە بەوەش بکرێت، کە لە زمانی کوردیدا پێنچ مۆرفێمی کاتی ڕابووردووی سادە/- ت،- د، -ا،- و، -ی/ دیاریکراون لەناو ئەم پێنج مۆرفێمەدا هەردوو مۆرفێمی /- ت،- د/ لە هەندێک باردا دەبنە ئەلۆمۆرفی یەکتر، بۆ نموونە"گرتم و گردم/ برد+ تان= بردتان"( بەزۆری ئەم حاڵەتە لە شێوە زاری گەرمیاندا بەدی دەکرێت.) کە ئەمەش بە هۆکارێك دادەنرێت بۆ نادروستی گۆنەکردن و دەرنەبڕینی مۆرفێمی [-ed] لەلایەن فێرخوازانی کوردزمانەوە لە پرۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا ، هەروەها لەبەرئەوەی لە زمانی ئینگلیزیدا کات و دەمەکانی کردار لە بناغەوە(Base) هەڵدەگوێزرێن، بەڵام لە زمانی کوردیدا سەرچاوەی هەڵگوێزانی دەم وکاتی کردار لە چاوگەوە سەرچاوە دەگرێت، جگە لەوەش کۆمەڵێك هۆکاری دیکە هەن، کەوا دەکەن زمانی کوردی کاریگەری نەرێنی لەسەر فێرخوازانی کورد لە پرۆسەی وەرگرتنی زمانی دووهەمدا(زمانی ئینگلیزی) دروست بکات، کە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

یەکەم: زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی لەڕووی ئاواز و درێژی و هێزی بڕگەکانەوە جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە، کە ئەمەش وا دەکات فێرخوازانی کورد بە گرانی فێری زمانی ئینگلیزی ببن. لە زمانی ئینگلیزیدا پشت بە درێژی بڕگەکان و ئاوازی وشەکە دەبەسترێت بۆ ئەوەی کاریگەری بەهێزی هەبێت و بە ئاسانی گۆبکرێن و دەربڕدرێن، لەکاتێکدا بەزۆری لە زمانی کوردیدا بەو شێوە بەهێزە دەرنابڕدرێن و پشت دەبەسترێت بە دەنگ بەرزکردنەوە و ئاوازی وشەکان بۆئەوەی کاریگەری بەهێزی هەبێت، زمانی کوردی زۆربەی هێزی وشەکانی وەکو یەك وایە لەڕووی دەربڕینەوە و هێز بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر وشەکاندا دابەش دەبێت (Rahimpour and Dovaise, 2011, p.77).

دووهەم: هەندێك لە زمانەکان لە ڕووی تایپۆلۆجی (ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستە)ەوە وەکو یەك وان و هەندێکی تریشیان بەتەواوی لەیەك جیاوازن، ئەمەش وا دەکات فێرخواز بە گرانی فێری زمانێکی دیکە ببێت (Kuo, M.M. and Lai, C.C., 2006, p.4). یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە دەبێتەهۆی گرانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی دووهەم لەلایەن فێرخوازانی کوردەوە بەتایبەت لەڕووی وەرگرتنی هەندێك مۆرفێمی شکانەوەوە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستە لە نێوان جووت زمانەکەدا. لە زمانی کوردیدا بەشێوەی بکەر- بەرکار- کردار(SOV) کەرەستە زمانییەکانی ڕستە ڕیز دەکرێن، لەکاتێکدا لە زمانی ئینگلیزیدا بەشێوەی بکەر- کردار- بەرکار (SVO) کەرەستەکانی ڕستە ڕێکدەخرێن. ئەمەش وا دەکات کە زمانی کوردی کاریگەری نەرێنی لەسەر فێرخوازانی کورد بەتایبەتی لەڕووی وەرگرتنی مۆرفێمی شکانەوەوە دروست بکات. پێویستە باس لەوەش بکرێت، کەوا زمانی کوردی زمانێکی مۆرفیمیە(زمانەلکاوەکانن) جیاواز لە زمانی ئینگلیزی کە زمانێکی جیاکراوەیە( Fattah, 2006.16). بۆ نموونە:

ئەوان کتێبەکەیان خوێندەوە. (ئەوان، کتێب، ەکە، یان، خوێن، د، ەوە)

They read the book.

ئەگەر سەیری ئەو دوو ڕستەیەی سەرەوە بکرێت، بەئاسانی دەتوانرێت تێبینی جیاوازی لە نێوان هەر جووت زمانەکەدا لەڕووی ژمارەی مۆرفیمەکانەوە بکرێت ، بەجۆرێك ڕستە کوردییەکە لە حەوت مۆرفیم پێکهاتووە، لەکاتێکدا هەمان ڕستە لە زمانی ئینگلیزیدا لە چوار مۆرفیم پێکهاتووە.

سێهەم: هۆکارێکی تر کە کاریگەری نەرێنی لەسەر فێرخوازانی کورد دروست دەکات لە پرۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا بوونی چەند مۆرفیمێکی کاتی ڕابووردووی سادەیە لە زمانی کوردیدا کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراون، لەکاتێکدا لە زمانی ئینگلیزیدا تەنیا مۆرفێمی [-ed] و سێ ئەلۆمۆرفی هەیە کە

وەکو نیشانەیەك دەناسرێتەوە. لە م سۆنگەیەوە زمانی " چینی "یش یەکێکە لەو زمانانەی کە هیچ نیشانەیەکی نییە بۆ پیشاندانی کاتی ڕابووردووی سادە، ئەمەش وای لە فێرخوازانی چینی کردووە کە نەتوانن بەشێوەیەکی درووست مۆرفیمی [-ed] و ئەلۆمۆرفەکانی دەربڕن لەکاتی قسەکردندا بە زمانی ئینگلیزیدا وەکو زمانی دووهەمیان (Franceschina, F. 2001, p.217).

بە گوێرەی بۆچوونی (Rahimpour and Dovaise, 2011, p.78) لە زمانی کوردیدا هەر وشەیەك کە زیاتر لە یەك برگەی هەبێت، هێز دەخرێتەسەر برگەیەك و برگەکانی تر هیچ هێزێکیان لەسەر نابێت. ئەگەر بێت و گۆڕانکاری لە شوێنی هێزی برگەکانی ئەو وشەیەدا بکەین دەبێتەهۆی گۆڕانی واتای وشەکە لەرووی واتا و ڕێزمانەوە. بۆ نموونە، "دووربین" لە دوو برگە پێکدێت (دوور)، (بین)، ئەگەر هێز بخرێتەسەر بەشی دووهەمی برگەکە بە واتای ناوی ئامێری "دووربین " دێت، بەڵام ئەگەر هێز بخرێتەسەر بەشی یەکەمی برگەی وشەکە بە واتای "کەسی پێشبینیکەر"دێت. " پۆلە ڕەگەزە سەرەکیی و ناسەرەکییەکان لە فەرهەنگدا هێزی جیاوازیان هەیە بە هەمان شێوە کاتەگۆرییە فەرهەنگی و سینتاکسییەکان لە بنەڕەتدا مارکە لێدراون و بەپێی جێکەوتەکانیان هێزی چەسپاو و تایبەتی بە خۆیان هەیە" (دڵشاد محەمەد غەریب: ٢٠١٩ : ١١٥) بۆیە دەکرێت بگوترێت کە هێز کاریگەری لە سەر وشەکان هەیە و گۆڕانکاریان بەسەردا دەهێنێت، واتە هێز توانای ئەوەی هەیە واتا و کاتیگۆری وشەکان بگۆڕێت: کە بۆ نموونە،

نووستن nu'stin

نووستن nusti'n

لە نموونەی یەکەمدا /نوستن/ لە دوو برگە پێکهاتووە (نووس + تن)، هێز لەسەر برگەی یەکەمە و کردارێکی ئاڵۆزە. واتاکەی دەبێتە ڕستەی (ئەوان نوستن.)، بەڵام لە نموونەی دووهەمدا، هێز لە سەر برگەی دووهەمە و واتای ناوێك (خەوتن)دەگەیەنێت، لە زماندا بە ناوی چاوگ ناسراوە هەروەها " لە وشەی منداڵ"دا هێز لەسەر بەشی کۆتای وشەکەیە، کاتێك مۆرفیمی /-ەکە/ی ناسیاوی بۆ زیاد دەکرێت وشەکە دەبێت بە "منداڵەکە" و هێز دەچێتەسەر پاشگرەکە و شوێنی هێز دەگۆڕێت. "ئەم دابەشبوونە بۆ تەرزی هێز بەگشتیی و هێزی تایبەتیی ، جۆری وشە سەرەکیی و ناسەرەکییەکان لە ناو خۆیاندا و هەمبەر کاتەگۆرییە سینتاکسییەکان دەگرێتەوە" (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٢٠١٩: ١١٨)، هەروەها لەکاتی نەرێکردن لە زمانی کوردیدا هێز دەچێتەسەر مۆرفیمی نەرێکردنەکە وەك لە وشەی "نەچووم". هەروەها لە زمانی کوردیدا هەندێك جار هێز دەخرێتەسەر بەشی ناوەڕاستی وشە وەك لە وشەی "خواردوومە". بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا دەستنیشانکردنی شوێنی هێز لە وشەدا کارێکی ئاسان نییە و باشترین کارێك کە بکرێت مامەڵەکردنە لەگەڵ وشەکاندا بەجیا بەتایبەتی ئەو کاتەی فێرخواز فێری وشەکە دەبێت. لە زمانی ئینگلیزیدا باشتر وایە پێکهاتەی فۆنۆلۆجی وشەکە، دیاریکردنی سەر بە چ بەشێکی ئاخاوتنە، ژمارەی برگەکانی و پێکهاتەی فۆنۆلۆجی وشەکان و برگەکانی دەستنیشان بکرێت (Roach, 2000, p.82). لە زمانی ئینگلیزیدا بەشێوەیەکی گشتی و جیاواز لە زمانی کوردی هێز بەزۆری دەخرێتە سەر برگەی یەکەمی وشە لە کاتەگۆری ناودا، وەکوو (SAM-ples)، هەروەها لە کاتەگۆری ئاوەڵناودا، وەکوو (RAI-ny) . لە زۆربەی کردار و پریپۆزشنەکانیشدا دوو برگەییەکانیشدا هێز دەخرێتەسەر بەشی دووهەمی وشەکە، وەکوو(re-LAX) و (a-MONG)، لە وشە لێکدراوەکانیشدا ئەگەر لە دوو ناو پێکهاتبوو، ئەوا هێز دەخرێتەسەر بەشی یەکەمی وشە لێکدراوەکە، وەکوو (SEA-food)، هەروەها ئەگەر وشەکە لە لە دوو ئاوەڵناو پێکهاتبوو هێز دەکەوێتەسەر بەشی دووهەمی وشە لێکدراوەکە وەکوو (ten-ME-ter)، بەڵام ئەگەر وشە لێکدراوەکە لە دوو کردار پێکهاتبوو و ڕستەکە دوو کرداری هەبوو ئەوا هێز دەخرێتەسەر دووهەم کردار وەکوو (Dogs love to eat bones and love DRIN-king water.)، هەروەها ئەگەر فرێزێک لە ناوێکی لێکدراو و ناوێکی تر پێکهاتبوو ئەوا هێز دەخرێتە سەر بەشی یەکەمی ناوە لێکدراوەکە وەکوو (AIR-plane mechanic). لە فرێزی پێشناویشدا هێز دەخرێتە سەر بەشی دووهەمی وشەکە وەکوو (break DOWN)، هەروەها پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت لە زمانی کوردی و لە زمانی ئینگلیزیشدا گەر زانیارییەکی نوێ لە ڕستەیەکدا هەبێت هێزی زیاتری دەخرێتەسەربەگوێرەی مەبەستی قسەکەرەکە.

## ئەنجام:

1- فێرخوازانی کوردزمان لە پرۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا وەکو زمانی دووهەمیان، لەگەڵ نادرووستییە ڕێزمانییەکانیاندا کێشەی گۆکردن و دەربڕینیان لە گفتوگۆکردنی سروشتیدا لەرووی پرۆسە مۆرمۆفۆنۆلۆجییەکانەوە هەیە، هەروەها جیاوازی زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی جیاکراوە و زمانی کوردیش وەک زمانێکی لکاو، کاریگەری نەرێنی لەسەر فێرخوازانی

کوردزمان لە پرۆسەی فێربوونی زمانی ئینگلیزیدا وەکو زمانی دووهەمیان درووستکردووە.

2- تەمەن کاریگەریی گەورەی لەسەر ئاست و ڕێژەی درووست فێربوون و وەرگرتنی زمانی دووهەم هەیە، بەو پێیەی مێشکی منداڵ شێوەیەکی لاستیکیی هەیە، بە ئاسانی دەتوانێت خۆی لەگەڵ فێربوونی زمانی دووهەمدا بگونجێنێت بەتایبەتی لە ڕووی مۆرفۆفۆنۆلۆجییەوە بە بەراورد بە پێگەیشتوان باشترو سەرکەوتووترە.

3- هێز لە زمانی کوردیدا لە کەتیگۆری ناودا بەگشتی دەکەوێتەسەر برگەی کۆتایی ناوەکە، هەروەها لە کەتیگۆری کردار(کرداری ئاڵۆز)دا هێز دەکەوێتە سەر برگەی یەکەمی کردارەکە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا لە هەردوو کەتیگۆرییەکەدا تەواو پێچەوانەی زمانی کوردییە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ نادرووستی گۆکردن لەلایەن فێرخوازانی کوردەوە.

4- مۆرفێمەکانی کاتی ڕابووردووی سادە(ت، د) لە زمانی کوردیدا هەندێک جار شوێنی دروستبوون و نیشانەی جیاکەرەوەیان لەیەکەوە نزیکن و دەبنە ئەلۆمۆرفی یەکتر، بەڵام فێرخوازانی کوردزمان لە کاتی پرۆسەی قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی، مۆرفێمی کاتی ڕابووردوو [ed-] بە دەنگەکانی [ [d ،t]] و [id] بە نادرووستی گۆ دەکەن، ئەمەش بۆ کاریگەری زمانی یەکەم(زمانی کوردی) لە پرۆسەی فێربوون و وەرگرتنی زمانی ئینگلیزیدا وەکو زمانی دووهەمیان دەگەڕێتەوە.

**سەرچاوە کوردییەکان:**


1. ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٧٦)، زمانی کوردی لەبر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیری کورد، بەغداد.
2. پێشرەو ساڵەح عەلی(٢٠١٥)، یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا، نامەی ماجستێر،سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
3. دڵشاد محەمەد غەریب،(٢٠١٩)، هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکوکدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
4. عەبدوڵا حوسێن ڕەسووڵ(2015)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی – کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
5. عادل ڕەشید قادر(2008)، فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی- کرمانجی سەروو، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
6. محەمەدی مەحویی(2008)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیی، فۆنەتیك، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.
7. محەمەدی مەحویی(2008)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیی، فۆنۆلۆژیی، بەرگی دووهەم ، زانکۆی سلێمانی.
8. محمد معروف فتاح (2011)، زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر.
9. نایف خرما(2013)، چەند تیشکێك بۆ سەر لێکۆڵینەوە زمانەواییە هاوچەرخەکان، وەرگێرانی د.شهاب شێخ گیب، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك.
10. وریا عومەرئەمین(2009)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.


**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**


1. Akmajian, A.D., Farmer, R. and Harnish, A., R.(2001) Linguistics: An introduction to language and communication.
2. Al-Khresheh, M., 2016. A review study of contrastive analysis theory. Journal of Advances in Humanities and Social Sciences.
3. Asher, J.J. and García, R., 1969. The optimal age to learn a foreign language. The Modern Language Journal, 53(5).
4. Babcock L, Stowe J, Maloof C, Brovetto C, and Ullman M (2008) Frequency effects, age of arrival and amount of exposure in second language learning: A study of English past-tense production. Unpublished manuscript, Georgetown University.
5. Bhela, B., 1999. Native language interference in learning a second language: Exploratory case studies of native language interference with target language usage.
6. Chang, C.B. and Mishler, A., 2012. Evidence for language transfer leading to a perceptual advantage for non-native listeners. The Journal of the Acoustical Society of America, 132(4).
7. Crystal, D. (2011). A dictionary of linguistics and phonetics (Vol. 30). John Wiley & Sons.

17. Kuo, M.M. and Lai, C.C., 2006. Linguistics across Cultures: The Impact of Culture on Second Language Learning. Online Submission, 1(1).
18. Kuo, M.M. and Lai, C.C., 2006. Linguistics across Cultures: The Impact of Culture on Second Language Learning. Online Submission, 1(1.).
19. Lardiere, D. (1998b). Dissociating syntax from morphology in a divergent end-state grammar. Second Language Research, 14.
20. Lenneberg, E.H., 1970. On explaining language. Issues in Urban Education.،
21. Mayo, L.H., Florentine, M. and Buus, S., 1997. Age of second-language acquisition and perception of speech in noise. Journal of speech, language, and hearing research, 40(3)
22. Olson, L.L. and Jay Samuels, S., 1973. The relationship between age and accuracy of foreign language pronunciation.
23. Sinha, A., Banerjee, N., Sinha, A. and Shastri, R.K., 2009. Interference of first language in the acquisition of second language. International Journal of Psychology and Counselling, 1(7)
24. Tohidian, I. and Tohidian, E., 2009. Effects of age on second language acquisition. California Linguistic Notes, 34(2).
25. White, L., 2003. Second language acquisition and universal grammar. Cambridge University Press.
8. Derakhshan, A. and Karimi, E., 2015. The interference of first language and second language acquisition. Theory and Practice in language studies, 5(10.(
9. Dost, I.N. and Bohloulzadeh, G., 2017. A REVIEW OF CONTRASTIVE ANALYSIS HYPOTHESIS WITH A PHONOLOGICAL AND SYNTACTICAL VIEW: A CROSS-LINGUISTIC STUDY. The Buckingham Journal of language and linguistics, 10.
10. Dulay, H.C. and Burt, M.K., 1974. Errors and strategies in child second language acquisition. TESOL quarterly.
11. Dulay, H.C. and Burt, M.K., 1974. NATURAL SEQUENCES IN CHILD SECOND LANGUAGE ACQUISITION 1. Language learning, 24(1)
12. Erdoğan, V., 2005. Contribution of error analysis to foreign language teaching. Mersin University Journal of the Faculty of Education, 1(2.(
13. Ervin-Tripp, S.M., 1974. Is second languge learning like the first. TESOL quarterly .
14. Fattah, M.M.& Sabah R. ( 2006 ). Some Aspects of Kurdish Morphology . Chand Layaneki Morphology Kurdi. Cultural Center Press, Sulaimani.
15. Franceschina, F., 2001. Morphological or syntactic deficits in near-native speakers? An assessment of some current proposals. Second Language Research, 17(3).
16. Kumagai, Y., 1994. The effects of culture on language learning and ways of communication: The japanese case.